سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ کۆمەڵێک ڕەوەندی عێراقی کۆدەبێتەوە لە کۆڕبەندی ئیسلامی لە ویلایەتی میشیگانی ئەمەریکا

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەممەد شیاع سودانی، بەرەبەیانی ئەمڕۆ هەینی (بەکاتی بەغدا) لەگەڵ کۆمەڵێک ڕەوەندی عێراقی کۆبووەوە لە میانەی گردبوونەوەیەکدا کە لە کۆڕبەندی ئیسلامی لە ویلایەتی میشیگانی ئەمەریکا بەڕێوەچوو، هۆڵی کۆبوونەوەکە پڕبوو لە خێزانە عێراقییەکان لە پێکهاتە و توێژە جیاوازەکان کە عێراق تایبەتمەندە پێوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئامادەبوانی کۆڕبەندە ئیسلامییەکە، دڵ خۆشی خۆی دەربڕی بە ڕۆڵەکانی ڕەوەندە عێراقییەکان کە ئینتیمانی نەتەوەیی خۆیان پاراستووە، لە نێویاندا موجاهیدەکان کە ڕووبەڕووی ڕژێمی دیکتاتۆری بوونەوە، هەروەها کەسانی لەهاتوو کە لە بوارە جیاجیاکاندا سەرکەوتوو بوون و نوێنەرایەتی سامانێکی مرۆیی پێویست دەکەن بۆ پرۆسەی پەرەپێدان لە عێراق.

سودانی ئەوەی ڕوونکردەوە کە حکومەتی ئەمڕۆ نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکان دەکات لەسەر بنەمای هاوپەیمانێتییەکی سیاسی گەورە و بەرنامە، خەڵک هەست بە کاریگەرییەکانی دەکات لە ڕێگەی گەشبینی و

ڕەزامەندیانەوە لەگەڵ سەقامگیری ئاسایش و سیاسیدا، ئەمانەش هۆکارن کە وای لێکردین بەردەوام بین لە کارکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و جوڵە کردن لە چوارچێوەی سیاسەتێکی نوێی ئابووری و وەبەرهێناندا شان بەشانی چاکسازی ئابووری بنەڕەتی.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بە سیاسەتی هاوسەنگی حکومەت کرد سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناوچەکە و کاریگەرییەکانی شەڕی غەزە کە پێشتر عێراق هۆشداریی دابوو لە کاریگەرییەکانی و حکومەتیش سیاسەتێکی دەرەوەی هاوسەنگی هەڵبژارد بۆ ئەوەی عێراق بکات بە وێستگەیەکی ئاسایش بەپێی بنەمای بەرژەوەندییە پێکەوە بەستراوەکان و هاوبەشی ئابووری، بۆیە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان هاتە ئاراوە بۆ باشترکردنی سەقامگیری لە عێراقدا.

سەرۆک وەزیران جەختی لەوە کردەوە کە عێراق لە پرۆسەی بوژانەوەدایە و پێگەی پێشەنگی خۆی دەگرێتەبەر و کار و کۆمپانیاکان ڕادەکێشێت، ئەمەش نوێنەرایەتی گەرەنتییەک دەکات بۆ سەقامگیری ناوچەکە و سەرکەوتن بەسەر داعشدا لە ڕێگەی قوربانیدانی ڕۆڵەکانی و یارمەتیدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەستەکانییەوە هات لە ژێر ناونیشانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی کە پاساوەکانی بوونیان ئەمڕۆ کۆتایی هات و کار دەکرێت بۆ گواستنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانان بۆ چەند وێستگەیەکی فراوانتر لە هەماهەنگی ئەمنی.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ناوەڕۆکی دیدارەکانی لەگەڵ بەرپرسان و نوێنەرانی کۆمپانیا ئەمەریکییەکان ئاشکرا کرد، کە لە ئەنجامدا هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکییەکان کرا لە دەرفەتەکانی وەبەرهێنان کە پێیان دەدرێت لە بوارەکانی نەوت و غاز و پێترۆکیمیادا، جەختیشی کردەوە لەسەر پەرۆشی حکومەت بۆ گرنگیدان بە هەموو کاروبارەکانی ڕەوەندەکان لە ڕێگەی ڕاسپاردەکانییەوە بە باڵیۆزەکان و وەزارەتی دەرەوە و گرنگیدان بە بەرژەوەندی و کاروبارەکانیان.